# جارێکیتریش کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە خۆڕزگارکردنە نەك بە ڕزگارکەر

هەژێن
٢٠٠٧/٠٤/٠٦

بەڕێز عەبدوڵا مەحمود، لە ژێر سەردێری لەوەلام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەڕێزدا پێداویستی کۆمەڵگا، پێکهاتنی حزبی سیاسی دەسەپێنێ ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٠٣/١٩ و لەوەلام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەڕێزدا کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەباری فکری و تیئۆریەوە هیچ شتێك جگە لە جگە لەمارکسیزم، بەوجۆرەی کە لەکاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیرێ، نییە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٠٤/٠٤ لە ماڵپەڕی دەنگەکان، وەلامی بە سەرنج و ڕەخنەکان داوەتەوە؛ لەوانەش سەرنج و ڕەخنەکانی من.

هەر بۆیە پاش خوێندنەوەی وەلامەکانی پێم باش بوو، منیش سەرنجەکانم لەسەر وەلامەکانی وی، کە بە بڕوای من وەلامەکان قسەی فرەتر هەڵدەگرن، بخەمە ڕوو.

هیوادارم ئەم کارەم بەوە نەچوێندرێت، کە من بەتەمابم، وی بێنمە سەر بۆچوونەکانی خۆم، بەڵکو بە نیازی شڵەقاندنی گۆمی مەنگی لێدوان لە پرسە هەنووکەییەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی وەلامم داوەتەوە، تاوەکو هەمووان لە ڕوانگەی خۆیانەوە، بەشداری لەم لێدوانەدا بکەن و دەرگەی لێدوان لەسەر بابەتی تر، بەتایبەت خەباتی جەماوەری و ڕێکخستنی، کە بە بڕوای من پرسی سەرەکی ئەم قۆناخەیە و وەلام نەدانەوە بەم پرسە هەنووکەییە، ئەوانەی کە خۆمان بە هەڵسوراو و لایەنگری بزاڤی سۆشیالیستی دەزانین، قەرزاری مێژوو دەبین، هەروەك لە شازدە ساڵی ڕابوردوودا قەرزار بووین!

من لێرەدا خۆم لەو بەشانەی وەلامەکەی وی لادەدەم، کە وەڵامن بە بەڕێزانێکی تر، تەنیا خۆم بەو بەشانەوە خەریك دەکەم کە پەیوەندیان بە سەرنج و ڕەخنەکانی منەوە هەیە.

وی لە ( لەوەلام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەڕێزدا پێداویستی کۆمەڵگا، پێکهاتنی حزبی سیاسی دەسەپێنێ) دا دووبارە پێ لەسەر دابڕاوی و جیایی باشوری کوردستان لە عیراق دادەگرێتەوە. لاپەرە ١ پەرەگرافی حەوتەم تا لاپەرە ٢ پەرەگرافی یەکەم: (................) بەداخەوە لەبەر پی‌دی‌ئێف بوونی فۆرماتی وەڵامەکانی وی، نەمتوانی کۆپی نووسینەکان بکەم و ناچار هەر لاپەرە و پەرەگرافەکان دیاری دەکەم، بەتایبەت ئەوەی کە وەك ڕاستگۆییەکی ڕەخنەگرانە، دەبێت ڕستە و پەرەگرافەکانی وی وەك خۆیان بنووسیتەوە، ئەوەش زۆر هەرەسان دەکات، کە ناچار شتێك وەك خۆی بە هەڵەی دارشتن و زمانەوانییەوە، بنووسمەوە و کاتێکی زۆرم لێ دەکژێت، تاوەکو بتوانم بە هەڵە وەك خۆیان بیان نووسمەوە، لەبەر ئەوە بەناچاری خۆم لەو کارە لادا)

بەداخەوە، ئەمە بە کەتوارکردنی خەیاڵی خودە، ئەگینا کەس ناتوانێت، دەساڵ بۆمباران -کردنەکانی چەمچەماڵ لە بانی مەقانەوە، ئابلۆقەی ئابوری ئەو ڕۆژانە و وەدەرنان و گۆڕینی شوناسی کوردە دانیشتووەکانی کەرکوك و ..تد لە پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس، لەگەڵ سەرۆکۆماری تالەبانی و ناوبژێکردنی چەکداری کورد لە بەغدا و دەسەلاتی

هاوبەشی شیعە، کورد، سوننە و پێداگری سەرانی بۆرژوازی کورد لەسەر نەك یەکێتی خاکی عیراق، بەلکو لەسەر بەشێك بوونی عیراق لە نیشتمانی گەورەی عەرەب و ..تد لە ئێستادا، بە جیایی کوردستان لە عیراق دانێت.

ئەوە شتێکیترە کە کەسێك خوازیاری جیابوونەوەی کوردستان بێت، ئەوەیان مافی ڕەوای هەر کەسێکە و دەتوانێت، کاری بۆ بکات. بەلام ئەگەر کوردستان واقیعەن جیایە، ئیدی پێویست بەم هەموو هەلایە ناکات و ئەوە جیایین و بڕایەوە. بەلام بەرای من کوردستان لە ١٩٩١ەوە تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس جیا بوو – جیا نەك هەڵواسراو- ئەوە بۆرژوازی سوکان بەدەستی کورد بوو، کە نەیویست ئەو هەلە بقۆزرێتەوە، ئەگینا بە بەشداری نەکردن لە شەڕی دووەمی کەنداودا، دەکرا هەنگاو یەکەم بۆ جیابوونەوە و خۆ دوور گرتن لە شەڕی نێوخۆ و مالوێرانییەك کە خەریکە یەخەی خەڵکی عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەگرێت و کورد گەورەترین زیانی بەر دەکەوێت لێی، ئەگەری دوور دەخرایەوە و پرسی ستەمی نەتەوەیی لە کوردیش نەدەبوو، بەژێر سێبەری شەری گروپە ئایینییەکانی شیعە و سوننەوە. هەروەها هاوپشتی جیهانیش بۆ کوردەکان بەگشتی و هاوپشتی دەولەتانێك کە بەشداری شەرەکە نەبوون و لە دەستکەوتەکانی شەڕ بێبەش بوون بەتایبەتی، بەدەست دەهێنا.

بەلام پێشینەی هەڵوێستگیری (حککع) لەمەر پرسی نەتەوەیی، ئەوەمان نیشان دەدات، کە ئەم لاکردنەوەیەی هێڵی کۆمۆنیزمی کارگەری بەتایبەت باڵی کۆڕشی مودەریسی کە (حککع) پاشکۆیەتی، دوو هۆکاری هەیە:

١- شکستخواردنی بەرنامە و تاکتیکەکانی ئەم پارتە لە عیراقدا، هەرچەندە ئەوان پاش شکستخواردنیان لە کوردستان، ڕوخانی ڕژێمیان بە دەروازەیەك زانی بۆ ڕزگاربوونیان لەو شکستە و زۆر بەپەلە پرسی سەربەخۆیی کوردستانیان وەك بەلایەك لە کۆڵی خۆیان کردەوە، بەلام هەرزوو ئەم شکستە لە عیراقدا دووبارە بووەوە و جارێکی تر بایان دایەوە سەر پرسی ستەمی نەتەوەیی و ئەمجارە دەولەتی سەربەخۆیان بۆ زیادکردوو، دەیانەوێت، جارێکی تر وەك تاکتیکێك بۆ خۆدەربازکردن لەو پەلەقاژێیە، بەکاری بەرن.

٢- نەزۆکبوونی تێزەکانیان و هەلەبوونی ئەو وێنایەی کە لە خەیاڵی خۆیاندا بۆ کۆمەڵگەی عیراقی و ئامادەیی جەماوەر بۆ پێشوازی لە تێزەکانیان چێیان کردبوو و هیوابڕاویان لە بوونیان بەهێزی کۆمەلایەتی جێکەوتە و هاوکات بەهێزبوونی ئاراستەیەکی ڕوو لە سەری ناسیونالیستی لە کوردستاندا و بوونی بزاوتی کۆمەلایەتی جۆراوجۆر بە پێچەوانەی عیراقەوە، وای لێکردوون، ناچار بەرەو کوردستانی بوون، بادەنەوە.

من بەپێچەوانەی ئەو رەخنەگر و چاودێرانەی، کە پێیان وایە، گەر (حککع) سەر بە کۆمۆنیزمی کارگەری نەبووایە و بە ئاوەزانەتر یا پارتێکی پانوپۆڕتر بوایە، ڕۆژی بەم ڕۆژە نەدەگەیشت؛ پێم وایە ئەگەر مارکس سکرتێری با و بارودۆخی شۆڕشی ئۆکتبەریش لە ئارادا بووایە، ئەوا دیسانەوە پارت هەر شکستی دەهێنا. لەبەر ئەوەی کە پارت

ئامرازێك نییە بۆ خەباتی کارگەران و زەحمەتکێشان، بەڵکو ئامرازێکە بۆ لەنێوبردنی خەباتی وان و دابڕکردن و ڕێکخستنەوەی توخمە هوشیار و چالاکەکان لەدەروەی خەباتی چینایەتی و کوشتنی گیانی شۆڕشگێڕانەیان بە سکتاریزمی پارت و خەتخەتێنی ئیدئۆلۆژی. بۆ جیاکردنەوەی خەباتی چینایەتی لە هەوڵی گروپ و ڕامیارە دەستەبژێرەکان (نخبە)، دەتوانین بەرهەڵستی و کردنەدەرەوەی ئەمریکا لە عیراق بە نموونە وەرگرین؛ بەرای من هەر ئاڵوگۆڕێك لە بارودۆخی عیراق و دەرپەراندنی هێزە داگیرکارەکان، بە خەبات و ڕێکخراوبوونی کارگەرانی نەوت و کەرتە گشتییەکانی عیراقەوە بەستراوە، نەك بە شانەی چەکدار و خۆتەقاندنەوە و بەیاننامەی پارت و خەیاڵپڵاوی وردەبۆرژوازییەوە. هەر ئەم هۆیەیە کە پارت نەزۆك دەکا، چونکە ئەرۆکە تەنیا پارتێك دەتوانێت، ڕوو لەسەر بێت، کە بە ئاراستەی تەوژمی بازار ئازاد و نەزمی نوێی رامیاری جیهانی سەوڵ لێدات. بەلام ئەگەر بەتەمابین بە ئاوەژووی ئەو تەوژمەوە سەوڵ لێدەین، ئەوا تەنیا هێز و تەنیا شێواز خەباتی جەماوەری سەربەخۆیە، کە توانای ئەم سەوڵ لێدانە پێچەوانەیەی بازار ئازاد و نەزمە نوێکەی، هەیە؛ بزووتنەوەی جەماوەری و دەست بەسەرداگرتنی کارخانەکان لەو ولاتانەدا، نموونەیەکی بەرجەستە و سەرکەوتووی خەباتی ئەورۆکەی توێژە پرۆلیتێرەکانی کۆمەڵگەن.

بە پێچەوانەی تێڕوانینەکانی وی، کوردستان بە عیراقەوە لکێنراوەتەوە و سەربەخۆیی و نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، جیایی ئایین لە دەوڵەت، یەکسانی ژن و پیاو، باشترکردنی باری ژیانی کارگەران و زەحمەتکێشان، ئازادی تاکی کۆمەڵگە، بە پێگرتنی بزووتنەوە جەماوەرییە سەربەخۆکان و پێکهاتنی ڕێکخراوەکانیان لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانەدا وەك پێداویستی ئەو خەباتە، بەستراوە و ئەوەی خوازیاری ئەم شتانەیە، با قۆڵی لێهەڵماڵێ و هەرکەس لە شوێنی کار و ژیانییەوە، سەرقالی هوشیارکردنەوە و خەبات بێت. ئەگەر دەتەوێت شتێك ڕووبدات؛ "ببزوێ با شتێکیش لەتەك تۆدا ببزوێت!".

نووسەر لە بەشی دووەمی وەلامەکەی [لەوەلام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەڕێزدا] کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەباری فکری و تیئۆریەوە هیچ شتێك جگە لە جگە لەمارکسیزم، بەوجۆرەی کە لەکاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیرێ، نییە ڕێکەوتی ۲۰۰۷/۰٤/۰٤ دا، ڕاستەوخۆتر وەلام بە سەرنجەکانی من دەداتەوە و لە چەند خاڵێکدا وەلامەکانی فۆرمۆلە دەکات.

لاپەڕە ١، خاڵی یەکەم: ( .............)

بەرای من، مێژوو لە سەرتاسەری دونیادا و لە گشت سەردەم و قۆناخەکاندا، شتێکی تر پێچەوانەی دەربڕینەکەی بەڕێز «عەبدوڵا مەحمود»مان نیشاندەدات و منیش بۆ خۆم لە ساڵی ۱۹۹۱ەوە تا هەنووکە، لە کردە (پراتیك)ی پارتە ڕامیارییە بەناو کۆمونیستەکاندا، پاشکۆکردنی خەباتی جەماوەری و پوکاندنەوەی ڕێکخراوەکانم – هەر لە یەکێتی بێکاران لە کوردستان بگرە تا کۆمەلەی ئاوارەکانی کوردستان و ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان و دەیان ڕێکخراوۆکەی تر- بینیوە و دەبینم و هەر لەم ساتەدا من ئەم دێڕانە دەنووسم، (حککع) درێژە بە هەمان ڕامیاری و رامکاری دەدات!

## لاپەڕە ١-٢، خاڵی دووەم : (.......)

من پێم وایە، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی فراوانتر، لە دەرەوەی هەڵسوڕان و خەباتی ڕۆژانەی توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگە و ئامادەیی ڕێکخراوەکانی، بوونی نەبووە و نییە و نابێت. ئەو بزووتنەوە ئاستفراوانە کۆمەڵایەتییە، کە بەرێزی نێوی دەهێنێت، لەدەرەوەی یەکێتی چینایەتی لەسەر بنچینەی هاوخەباتی توێژە پڕۆلیتێرەکان و یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە سەربەخۆ شۆڕشگێڕەکانی لە فێدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆنە دڵخواز و ئازادەکاندا، بوونی نییە و نابێت.

هەروەها لە درێژەی هەمان خاڵدا دەچێتە سەر شوناس بەخشین، بە یەکێتییە کارگەری و سەندیکا و ئەنجومەنەکان ( شورا – سۆڤیەتەکان)* و هەر یەکەیان دەداتە پاڵ ڕەوتێکی دیاریکراوی هێڵێکی سیاسی و مۆدێلێك لە پارتی سیاسی.

بە بڕوای من، ئەمە نائاگاییە لە خەباتی چینایەتی و دەرك نەکردنی. ئەگینا ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانی یەکێتییە کارگەرییەکان، سەندیکا شۆڕشگێڕەکان، ئەنجومەنەکان، بزانێت، لەوە ئاگادارە کە شێوازەکانی خۆڕێکخستن و خەباتی چینایەتی لە دەروونی خەباتی چینایەتییەوە سەریانهەڵداوە و ئەوە ڕێکخستنە رامیارییەکانی دەرەوەی خەباتی چینایەتی بوون و هەن، کە بەردەوام (حککع) ئاسا هەوڵی ڕامکردن و دەستەمۆکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان داوە. ئەمەش بۆ لاوازی شێوازی ڕێکخستنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەوانە یەکێتییە کارگەرییەکان دەگەڕێتەوە، کە ڕێکخستنی هەرەمییە. بەلام ئەمە وەك خۆی نەماوەتەوە و لە زۆر شوێندا وەلانراوە و دەتوانن سەرنجی یەکێتییە کارگەرییەکان لەو وڵاتانەدا کە سۆشیالیستە ئازادیخوازەکان - ئاناشیستەکان- و کۆمۆنیستە ئازادیخوازەکان – دژەدەسەلاتەکان- زۆرینە بوون، بدەن و ببینن کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەبری ئەوەی پاشکۆی ڕێکخستنە رامیارییەکان و ساخکردنەوەی ململانێ نا کارگەری و نا سۆشیالیستەکان بن، هەردەم فێرگەی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی کارگەران و زەحمەتکێشان بوون، بۆ پەروەراندنی گیانی هاوخەباتی و هاوپشتی چینایەتی و ڕاگرتنی ورەی شۆڕشگێڕانە و ئامادەیی بۆ خۆبەڕێوەبەری کارگە و گەڕەك و شارەوانییەکان و دەستکۆتاکردنی گروپە دەسەلاتخوازە سەروخەڵکییەکان.

بەدرێژایی تەمەنی هێڵی کۆمۆنیزمی کارگەری بەگشتی و (حککع) بەتایبەتی، ئەم هەڵە بەرچاوە لە تێڕوانینیاندا، وای لێکردوون، کە بەناوی ئەنجومەنەوە، هەمان ڕامیاری – دروستر بڵێم ڕامکاری- بەرامبەر بزووتنەوە جەماوەرییەکان و هەڵسوڕانیان لە ڕێکخراوەکانیاندا بگرنە بەر، کە سۆشیالدیموکراسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە گرتییە بەر؛ ئەوەش هەر کۆمیتەکردنەوەی ڕێکخراوەکان بوو، (حککع و ڕیکخراوە پێکهێنەرەکانی) لە ١٩٩١ەوە تا ئەورۆ گرتوویانەتە بەر و پێیان وابووە و وایە کە بە ناونانی ڕێخکراوەکان بە ئەنجومەن، ئیتر خۆیان لە سۆشیالدیموکراسی دابڕیوە. بەڵام ئەمە خراپ تێگەیشتنە لە سۆشیالدیموکراسی. چونکە سۆشیالدیموکراسی بە کردەوە

جیادەکرێتەوە نەك بەناو، هەروەها تێڕوانین و کردەی بۆچوون و شێوازەی ڕێکخستن و بزووتنە، نەك ناو. شێوازی بەشداری و هەڵسورانی (حککع) لە یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوەکانی دواتردا، نەك تەنیا سۆشیالدیموکراتانە بوو، بەلکو جیاوازیشی لەگەڵ شیوازی پارتە بۆرژوازییەکاندا نەبوو.**

ئەم بەرێزە بۆ شیواندنی باسەکە و کەچکردنی سەرنجی خوێنەر و بۆ سەلماندنی راکەی، بزووتنەوەی یەکێتیگەرایی کارگەران بە سۆشیالدیموکراسییەوە دەبەستێتەوە و پاشان ڕێفۆرمیزم بە باڵایان دەبڕێت و ڕێکخراوی برایانی موسوڵمان و خوشکانی موسوڵمان تێکەڵ بە لێدوانەکە دەکات.

بەرای من ئەمەش هیچ لۆژیك و تێڕامانێکی تێدا نییە و لە کۆڵکردنەوەی لێدوانەکەیە بە هێناوەی چەند وتەیەکی هەڵبزرکاوی سەدەیەك لەوەوبەرە و هیچ ئامادەییەکی لەم چرکە کاتەدا نییە، کە ئێمە لە بارەیەوە دەدوێین. ڕیفۆرم بە واتای خەباتی ڕۆژانەی توێژە کارگەری و زەحمەتکێشەکان بۆ باشترکردنی ژیانیان و گۆڕینی باری ڕامیاری و شکاندنەوەی هاوسەنگی هێز بەلای خۆیاندا، هەنگاوی یەکەمی شۆڕشە و شۆڕش لە دەرونی ئەو خەباتە ڕۆژانەییەی جەماوەرەوە پەرەدەسێنێت و لە دەرەوەی خەباتی ڕۆژانە بوونی نییە و چەخماخەی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش مانگرتنی هەفتا هەزار ژنە کارگەر بوو و ئێسکەپەیکەری شۆڕشەکەش لە ئەنجومەن و کۆمیتەکانی کارخانە و ئەنجومەنی سەربازان و مەلەوانان پێکهات***

هەروەها تێکەڵکردنی ڕێکخراوی برایانی موسولمان و خوشکانی موسولمان، بە بڕوای من نەك هەر ناوێزەیە بە ڕێکخراوەی جەماوەری، بەڵکو تەنیا دەکرێت لەریزی ڕێخراوگەلێکدا نێویان بێت، کە (ینك، پدك، حککع، حشع، میری هەرێمی کوردستان) بەنێوی کارگەران، بێکاران، ژنان، خوێندکاران، پەککەوتان، خانەنشینانەوە قوتیان دەکەنەوە و ریزی خەباتی ئەو چین و توێژانەی پێ پچڕپچڕ دەکەن و لەسەر بنەمای لایەنگری ڕامیارانە و پارتانەیان لەیەکتر دایان دەبڕن و لە چەقی مەیدانی خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری دوریان دەخەنەوە. تێکەڵکردنی ڕێکخراوی برایان و خوشکانی موسولمان بە ڕێکخراوە جەماوەری پێکهاتوو لەسەر بەرژەوەندی و هاوخەباتی چینایەتی کارگەران و توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەلگە، بۆ تێڕوانینی (حککع) و خودی بەرێز عەبدوڵا مەحمود بۆ ڕێکخراوەی جەماوەری دەگەڕێتەوە، بۆیە کۆمیتە دوای کۆمیتە بەناوی ڕێکخراوەی جەماوەری کارگەران و زەحمەتکێشانەوە، قوتدەکەنەوە و پاش ماوەیەك وەك قارچکی بەهاران دەپوکێنەوە؛ بڕواننە ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ١٩٩٤ەوە (حککع) قوتی کردوونەتەوە و هەنووکە ناویان لەنێو ناواندا نەماوە و تەنانەت بۆ خۆشیان هەوڵی فەرامۆشکردنیان دەدەن.

ئەگەر ئەمە تێڕوانینیان بۆ ڕێکخراوەی جەماوەری نەبێ، ئەدی کو ڕێکخراوگەلی پێکهاتوو لەسەر باوەڕی ئایینی و ئیدئۆلۆژی گروپە ئیسلامییە ڕامیارییەکان، دەخەنە نێو لێدوانی ڕێکخراوەی جەماوەری. هەروەها سەلمێنەری بۆچوونمانە لەسەر تێڕوانینی (حککع) بۆ خەباتی جەماوەری و ئەوان لە هەمان گۆشەنیگای بۆرژوازییانەی گروپە

ئیسلامی و پارتە نەتەوەییەکانەوە دەڕواننە خەباتی جەماوەری و وەك تاکتیکێك بۆ گەیشتن بە دەسەلات و کارتی فشار بۆ سەر دەسەلات بەکاری دەبەن. لە روانگەی ئەوانەوە خەباتی جەماوەری هەرچی بێت، دواجار پێویستی بە شوانەیی پارتەکەی ئەوانە بۆ سەرکەوتن!

پاشان ئەوە نێو نییە کە یەکێتییە کارگەرییەکانی لە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە کەوڵ کردووە، بەلکو شێوەی ڕێکخستن و پێکهاتەی هەرەمی و شێوازی خەبات و زاڵبوونی سۆشیال-دیموکراتەکان لەو ڕێکخراوانەدا بوو، یەکێتییەکانی کردە بورغویەك لە دەسەلات یا لە خۆیان. هەر ئەو شێوەڕێکخستن و پێکهاتە و شێوازەی خەبات و دەستتێوەردانی (حککع)یش بوو، کە یەکێتی بێکاران لە کوردستانی لە پەنجا هەزار ئەندامەوە، کردە کۆمیتەیەك لە مۆزەخانەی (حککع)!

هەروەها ئەوە ڕێکخستنی سەربەخۆی جەماوەری و پێکاتەی لە خوارەوە ڕا بۆ سەرەوە و شێوازی کاری ڕاستەخۆ -DIRECT ACTION-یە، کە یەکێتی و سەندیکا و ئەنجومەنەکان دەکاتە ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕ و توخمی ڕێکخستنی کۆمەلگەی داهاتوو، کۆمەڵگەیەك دوور لە دەسەلاتی پارت و دیکتاتۆرییەتی پارت! کۆمەڵگەیەك کە تاکەکان لە شوێنی کار و ژیانیانەوە لە ڕیگەی ڕێکخراوە جەماوەرییە نا پارتییەکانیانەوە، بەڕێوەبەری کۆمەڵگە ڕێکدەخەن و بوارێك بۆ سەروەری ناهێڵنەوە، ئەگەر چی لەژێر نێوی دێکتاتۆرییەتی پرۆلێتاریاشدا بێت!

لاپەڕە ٢، خاڵی سێیەم : (........)

بەرێزی لە خاڵی سێیەمدا، دیسانەوە بۆ وەلارێدابردنی خوێنەر، پەنا بۆ شێواندنی واتای سەربەخۆیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەباتەوە و دەیهەوێت یا هەر ئەو وێنایەی بۆ خەباتی جەماوەری و ڕێکخراوەکانی هەیەتی، کە ئەرکی جەماوەر نییە، بڕیار لەسەر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بدات، ئەوە تەنیا لە شان و شکۆی پارتە ڕامکارەکان دەوەشێتەوە و جەماوەر تەنیا دەتوانێت جێبەجێکەری بڕیارەکانی نووسینگەی رامیاری و کۆمیتەی ناوەندی پارتی پێشرەو بن، بەدەستەوە بدات.

لاپەڕە ٢ خاڵی چوارەم : (........)

کاتێك من لە ڕێکخراوەی سەربەخۆی شۆڕشگێڕ دەوێم، ئیتر سەربەخۆ بەو واتایەی وی، تەنیا لە خەیاڵی پارتدا هەیە، نەك لە کەتواردا. من سەربەخۆ لە پارتە ڕامیارییەکان دەڵێم، نەك لە شۆڕش و ئامانجی سۆشیالیستی. بۆ من خەباتی جەماوەری سەربەخۆ پەرەسەندنی شۆڕشی کۆمەلایەتییە لە خەباتی ڕۆژانەدا، بێجگە لەمە شۆڕشی کۆمەلایەتی بوونی نییە و نابێت!

لاپەڕە ٢ خاڵی پێنجەم : (.......)

لە خاڵی پێنجەمدا بەڕێزی دەچێتە سەر کرۆکی لێدوانەکەی و مەبەستە بنچینەییەکەی لە پەراوێزکردنی خەباتی جەماوەری و ڕێکخراوەکانی، بەرجەستەکردنی ڕۆڵ و گرنگی پارت و دەسەلات و دەولەت.

پێش هەموو شتێك بۆ کەسێك کە باوەڕی بە ماتریالیسمی دیالەکتیك هەبێت، باس لەوە ناکات، قەد نەبووە و هەروا بووە. چونکە ئەم دوو دەربڕێنە، بنەمای تێڕوانینی ئایدیالیستی پێکدێنن و باوەڕیان بە گۆران و وەلانان نییە! چۆن دەتوانین بڵێین، لەبەر ئەوەی کە لە مێژوودا نەبووە، ئیتر نابێت؟! ئەی مەگەر بڕیار نییە، پراکتیکی ئێمە مێژوو چێ بکات؟
پاشان من لە دەسەلات و دەوڵەت بەدەستەوە گرتن نەدواوم، بەڵکو قسەم لە لەناوبردنی دەوڵەت و سەروەری کردووە، قسەم لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە خوارەوە بۆ سەروەر کردووە و لە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی هەرەمی کۆمەڵگە و سەرخانەکەی کردووە! من هیچکات، بەدەستهێنانی دەسەلات بە واتای میری سەروخەڵکی، بە ئامانجی سۆشیالیستی نازانم و ئەوە تەنیا خەمی وردەبۆرژوازی و پارتەکانییەتی.

بە بڕوای من هیچکات بڕیار نییە، ڕێکخراوەی جەماوەری شوێنی پارت بگریتەوە، بەلکو بە پێچەوانەوە قسە لەسەر لەناوبردنی شوێنی پارت و هۆکارێکە کە پارت دەکاتە پێداویستی! قسە لەسەر نەهێشتنی زەمینەی دیکتاتۆرییەتی تاك پارتی پێشڕەو و دیکتاتۆرییەتی فرە پارتی بۆرژواکانە. قسە لەسەر ڕێوشوێنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی داهاتوودا. ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆیانەی من لێیانەوە دەدوێم، تەنیا ئامرازی زیادکردنی چەند دینارێك یا گۆڕینی بەندێکی یاسایی نین، بەڵکو توخمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستین و ئەوەی لە سۆشیالیزمدا شوێنی نییە، پارتە، دیکتاتۆریەتە، دەوڵەتە.

باشە ئەگەر کارگەران و زەحمەتکێشان لە ڕێگەی خەباتی ڕۆژانەی خۆیان و ڕێکخراوە سەربەخۆ – بە واتای جیا و دابڕاو نا، بە واتای سەربەخۆیان، هی خۆیان-کانی خۆیانەوە نەتوانن، نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، چۆن دەتوانین بڕوا بە خۆمان بهێنین، کە پارت یا دەستەبژێرێکی وردەبۆژوازی دەتوانن ئەو نوێنەرایەتییە بکەن و ئامانجەکانمان بهێننەدی و جارێکی دی وەك لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا پێهەستان، سواری ملمان نەبنەوە؟

پاش تێگەیشتن لەمە و بەدەستهێنانی وەلامەکان، ئیتر ئەمە ڕۆشنە و درێژەی هەمان بۆچوونە کە لە ئینتەرناسیۆنالی یەکەمدا و دواتریش لە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی سۆشیال دیموکراسی روسیە – پاشان ناسراو بە بۆلشەڤیك- پێی وابوو، ئەوە وردەبۆرژوازی و ڕۆشنبیرانی دەستەبژێرن هوشیاری دەبەنە نێو ریزی کارگەران و هەر ئەوانیشن لە ڕێگەی پارتە پێشڕەوەکەیانەوە، پرۆلیتاریا ڕزگاریان دەکەن. هەر ئەم تێڕوانینەش بوو، کە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیەدا، بەڕێوەبەرایەتی کارخانە و کۆمەڵگەیان لە کۆمیتەی کارخانەکان و ئەنجومەنەکان سەندەوە! *** هەر ئەم تێڕوانینەش بوو، کە لە شۆڕشی

١٩٣٦-١٩٣٩ی ئەسپانیادا بە هەموو شێوەیەك لە پشتەوەرا هەوڵی لەناوبردنی بەڕێوەبەرایەتی کارگەران و زەحمەتکێشانی هەرێمی کاتالۆنیای دەدا****. ئەمە ئەو تێڕوانینەیە کە بە هەموو توانایەکییەوە دەیەوێت ڕەوڕەوەی مێژوو ڕاگرێ و پێی وابووە و پێی وایە کە دونیا هەر وابووە و هەر وادەبێت و لە تواناماندا نییە هیچ بگۆڕین، پارت لە ئەزەلەوە فریادرەس بووە و بێ ئامادەیی و شوانەیی وی، هیچ ڕوونادات؛ هەروەها ئێمەی کارگەران و زەحمەتکیشان توانای بەڕێوەبەرایەتیمان نییە و پارت ئەم بۆشاییەمان بۆ پڕدەکاتەوە. بەڵام مێژووی خەباتی چینایەتیمان لە هەر چوار گوشەکەی دونیادا، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەلماندووە.

ئەوەتا بۆخۆی دان بە دەستەوەگرتنی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە لەلایەن ئەنجومەن-ەکانەوە لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا دەنێیت، ئەو ئەنجومەنانەی کە پارت و ڕابەرەکەی (لینین) بە بەرزکردنەوەی ساختەیی دروشمەکەیان "هەموو دەسەلات بۆ ئەنجومەنەکان" –دروشمی ئەنجومەنەکان و کۆمیتەکانی کارخانە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا- کەوڵیان کردن و لە شانەکانی پارتدا توێنرانەوە و بە کۆمیسار و بەڕێوەبەرەکانی سەردەمی سێزار، جێیان پڕکرایەوە. مەگەر هەر ئەو ئەنجومەنانە نەبوون، پێش شۆڕش خەباتی جەماوەرییان جۆشدا، مەگەر هەر ئەوان نەبوون، دەسەلاتی دوانەیی و دواجار بەڕێوەبردنی ئەنجومەنییان پێکهێنا؟

ئیتر نازانم بەرێزی چۆن ئەو بوێرییە لە خۆی نیشاندەدات، کە بەناوی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمەوە جارێکی تر، پاش سەدبارە بوونەوەی هەمان ئەزموون- کە پارت بێجگە لە ئامرازی ڕێکخستنی سەروچینایەتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەلایەن بۆرژوازی و وەردە بۆرژوازییەوە، چیدیکە نەبووە و نییە-***** بەتەمایە بەناوی کارگەران و زەحمەتکێشانەوە پارتمان بۆ دروست بکاتەوە یا پارتەکەیان وەچەیەکی کوردستانی بخاتەوە؟

بەرێزی دەڵێیت لەمێژوودا ڕێکخراوەی جەماوەری نەیان توانیوە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە بەدەستەوە بگرن و چەند دێرێك نا چەند وشەیەك دواتر دان بەوەدا دەنێیت، کە ئەنجوومەنەکان بەم کارە هەستان و منیش وەبیری دەهێنمەوە کە لە کۆمۆنەی پاریس و لە ئۆکتبەری دووەم – ڕاپەڕینی کرۆنشتات-، کۆمۆنە کشتوکاڵییەکانی ئۆکرانیا******، لە هەرەوەزییەکانی کاتالۆنیا، ئەوە کارگەران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە و ڕێکخراوە سەربەخۆکانیان بوون، کە کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد و ئەوە پارت و بۆلشەڤیکەکانیش بوون، کە هاوکات مانگرتنی گشتی کارگەرانی پترۆگراد و ڕاپەڕینی دەریاوانانی کرۆنشتات و وەرزێڕانی ئۆکرانیایان خەڵتانی خوێن کرد!

ئیتر نازانم چۆن دەوێرێ فەرمانی وا بەسەر مێژوودا بدات؟ با وای دانێین ئەوانەی من باسیان دەکەم، بوونیان نەبووە و ڕویان نەدابێت و بۆلشەڤیکەکان سۆشیالیست بووبن. بەلام وەلامی بۆ چەککردنی ئەنجومەنەکان، کە لە ساڵی ١٩١٨دا لەسەر دەستی خۆدی لینین کەنارەگیرکران، یا پاکتاوکردن و پالافتەکردنی ڕێزەکانی پارتی بۆلشەڤیك لە

یەکەم کۆنگرەی پاش شۆڕشدا، چییە؟ ئایا هەر پارت بە پێشڕەو دادەنێت و لە چێکردنیدا بەردەوام دەبێت؟

بەڕێزی باس لە مێژوو دەکات، لە کاتێکدا لە سەراپای مێژوودا بۆ یەك جار و بۆ یەك رۆژیش بە پارتەکەی ئەوانیشەوە پارتێك نەبووە، کە لە بەرژەوەندی کارگەران و زەحمەتکێشان و سۆشیالیزم بزاوتبێ! ئەگەر وی شك دەبات، با بیخاتەڕوو، با ئێمەی ناسەربەخۆ و ڕیفۆرمخواز چارەنووسمان بدەینە دەست فریادڕەسی ئەوان!

هەروەها لە کوردستاندا، سەرەڕای بوونی پارتی جۆراوجۆر و سی ساڵ بزووتنەوەی چەکداری بۆرژوازی کورد، ئەوە جەماوەر و ئامادەیی یەکپارچەیی وی دوور لە پارچەپارچەبوونی پارتیانە بوو، توانی دامودەزگەکانی ڕژێم بڕوخێنێت و ئەوە هەر پارتەکان بوون، کە دامودەزگە سەرکوتگەرەکانیان دامەزراندەوە و جەماوەری یەکڕیز و یەکپارچەیان بەسەر خۆیاندا دابەشکرد، هەوەك چۆن بۆلشەڤیکەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و میری سەروخەڵکیان دامەزراندەوە و دەزگەی داپلۆسێنەری پۆلیس و لەشکری چەکمە ئاسنینیان دامەزراندەوە و زیندانەکانیان بە کۆمەڵ کۆمەڵ بە هەڵسوراوی کارگەری و ڕاپەڕیوانی کرۆنشتات ******* ئاوەدان کردەوە!

ئەوە من نیم، کە لەشکری سوور و سپی لەتەك یەك دادەنێم، ئەوە ئەزموون و وانەکانی مێژوون، ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنن، کە دیکتاتۆرییەت هەر دیکتاتۆرییەتە بە هەر ڕەنگ و پۆشاکێکەوە بێت. بەلام نازانم وی بە چ ئەزموون و وانەیەکی مێژوویی، ڕێکخراوە جەماوەرییە شۆڕشگێڕەکان کە لەسەر بنەمای هاوخەباتی و پێکهاتەی چینایەتی پێکهاتوون لەگەڵ ڕێکخراوی برایانی موسولمان کە لەسەر لایەنگری و باوەڕی ئایینی سەرو چین پێکهاتوون، دەخاتە تورەکەیەوە و فڕێیان بدەیتە کەناری کۆمەڵگە و پێشڕەویش بە چنگە خوێناوییەکانی پارت دەسپێریت، کە لە سەراپای مێژوودا بێجگە لە دەستەگەری – سکتاریزم- و کەولکردنی هەولە شۆڕشگڕییەکان، چیدیکەمان لێ نەبینیوون، ئەگەر وی شك دەبات، تکایە بابیخاتەڕوو!

لاپەڕەی ٣ پەرەگرافی پێنجەم

دواجار من زۆرم پێ سەیرە، کە بەڕێز عەبدولا مەحمود، لە پێکهێنانی پارتی کۆمۆنیستی کارگەری کوردستان دەدوێ و خۆشی لە لێدوانی ئیدئۆلۆژی لادەدا! ئەوەندەی من پێ بزانم، پارتی بێ ئیدئۆلۆژ بوونی نییە و لێدوان لەسەر پێکهێنانی پارتیش، بێ وەلام بە پرسە ئیدئۆلۆژییەکان، وەك دوکانێکی خاڵییە!

## پەراوێزەکان:

* بە بڕوای من واژەی ئەنجومەن لە کوردی دا واتای سۆڤییێت دەگەیێنێت و شورا بە واتای ڕاپرسی عەرەبی دێ و سیمبولی ئیسلامە بۆ کۆتاییهێنان بە مشتومڕ و ڕێکەوتن لەسەر بڕیارەکان، هاوکاتیش بەکاربردنی فارسییە و لە کوردیدا شورەمان هەیە کە بەواتای پەرژین و دیوار دێ.

** نوێنەری ( حککع و پێشتریش ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کارگەری و هەستەی کرێکاری) وەك لێپرسراوانی (ینك و پدك) دەهاتنە بنکەی یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان و .. تد و بڕیاری پارتەکەیان و نەخشەکارەکانیان پێ ڕادەگەیاندن.

*** سۆڤیەتەکان و کۆمیتەکانی کارخانە لە شۆڕشی ڕوسیە دا، Peter Rachleff
http://www.dengekan.com/doc/2005/7/hazen11.pdf
http://www.spunk.org/texts/places/russia/sp001861/bolintro.html

**** التحررية من العقيدة الى الممارسة دانييل غيرين، ترجمة و الشروحات : جورج سعد.

The Spanish Civil War: Anarchism in Actio
http://flag.blackened.net/revolt/spain/pam_ch1.html

*****

١- پارت و چینی کارگەر ئانتۆن پانەکۆك
http://www.dengekan.com/doc/2004/11/hazen8.pdf

٢- پارت و چینی کارگەر ، پاوڵ ماتیك
http://www.dengekan.com/doc/2004/11/hajen15.pdf

****** دژەخونی ناوەکی لە شۆڕش، Jean- Jacques GANDINI
http://www.dengekan.com/doc/2004/12/hajen13.pdf

*******

١- ئانارشیزم، مەرگ و ژیان
http://www.dengekan.com/doc/2005/5/hazen27.pdf

٢- کرۆنشتات بەسەرهاتی پرۆلیتێریانەی شۆڕشی ڕوسی، کایۆ برێندل
http://www.dengekan.com/doc/2004/9/pdf/hajin12.htm

خوێنەرانی هێژا، دەتوانن لەم بەستەرانەی خوارەوەدا، وەلامەکانی بەرێز عەبدولا مەحمود بخوێننەوە:

لەوەلام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەرێزدا پێداویستی کۆمەڵگا، پێکهاتنی حزبی سیاسی دەسەپێنێ ٢٠٠٣/٠٣/١٩ ماڵپەری دەنگەکان

لەوەلام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەرێزدا کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەباری فکری و تیئۆریەوە هیچ شتێك جگە لە جگە لەمارکسیزم، بەوجۆرەی کە لەکاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیرێ، نییە ٢٠٠٧/٠٤/٠٤ ماڵەری دەنگەکان